www.kurdistannet.org
7-2-2007 13:32 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بارزانی و هەڵویستێکی چاوەڕوانکراو ... بەختیار سەعید



ماوەی چەند مانگێکە ژمارەیەك لە پەرلەمانتارو نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و هەندێك لە بازرگانانی کلیپ و ئاوازدانەری تازە پێگەیشتوو بۆ مەبەستی گیرفان بڕینی حکومەتەداماوەکەی خۆمان!! سەرقاڵی ئەوە بوون کە سروودی نیشتیمانی ئەی ڕەقیب بگۆرن بەسروودێکی دیکە!! ئاخر دەبێت ئینسانی کورد بە ویژدانەوە وە لە هەمانکاتدا بە ڕێزەوە بڕواننە ئەی ڕەقیبی شاعیری گەورەی گەلەکەمان دڵداری نەمر، نەك ئەوەی ئەمڕۆ بەدی دەکرێت، کە هەندێك کەس زۆر بێئاگایانە و نەشارەزایانە شیکاری بۆ هۆنراوەیەك دەکەن!! کەهەزاران تێکۆشەرو گەنج و لاوی نەتەوەکەمان لە هەر چوار پارچەی کوردستانی بە زۆر داگیر کراو! کەئەمرو باشورەکەی ئازادە لە پێناویدا شەهید بوون. دەیانەوێت بیگۆرن!! کەم کەس هەیە ئەو سروودەی نەخوێندبێتەوە، یا ئەزبەری نەکردبێت، تەنانەت کیژۆلە شەش ساڵەکەی بەندەش لە پۆلی یەکەمی سەرەتای لەدوای سورەتی فاتیحە مامۆستاکانی سروودی ئەی ڕەقیبیان پێ لە بەرکردووە! دیاربوو لەم سەروو بەندەشدا، دوو گرووپ ڕووبەڕوی یەکتر دەبوونەوە! ئەوەی زیاتر جێگای ئومێدی کوردستانیان بوو، گرووپی بەیاسایی کردنی سروودی ئەی ڕەقیب بوو، کە کەسانی دڵسۆزو بە هەڵوێست و بەئاگابوون، کە بە چەندین شێواز ئەسپی خۆیان تاو دەدا تاکو نەهێڵن ئەی ڕەقیب ئەنفال بکرێت و هەرواش دەرچوو!! ئاخر بێژن چۆ چۆنی؟! کاتی نووسینی هەندێك بە ناو ڕۆژنامەنووسی ئینتهازی و موشەخۆرەکانم بەرچاوکەوت!!کە هەر یەکەیان لە ژێر باڵی گیرفانبڕێکەوە وتارەکانیان دەنووسی! لە سەر مێزی خواردنەوەی بەلاشدا! ئەم دەنگۆیانەیان دەخستەڕوو تەنانەت ئاواز دانەرێکی دەستگێری زیرەك چەند کەسێکی ڕاسپاردبوو کە دژی ئەی ڕەقیب بنووسن؟! باوەڕتان هەبێت، گەر داواکەیان بۆ نەوت و بەنزین و غازو کارەباو زیاد کردنی موچەو چاودێری کردنی بازاڕبوایە!! تا ئەمڕۆ بەندەش دەیان جار بەدەنگی بەرز دەینەڕاند ئێمەش لەگەڵتاندا این!! نەك بۆ گاڵتەکردن بە هێماو سروودی نیشتیمانی گەلەکەمان! وێڕای هەموو ئەمانەش هەر دڵخۆش بووم بەوەی ڕۆژێك دێت بارزانی سەرۆك دێتە وەڵام و لە کات و ساتی خۆی دا هەر بە عاداتی هەمیشەی خۆی بەیەك دێر ئەم دەنگ و هەرایە کپ دەکاتەوە. بەڵی ئەم هەڵوێستەی بارزانی بۆ هەمووان چاوەڕوانکراو بوو، گەر ئاورێك بدەینەوە بارزانی بۆ بابەت و تەوەرە چارەنووس سازەکان هەردەم پەلەپیتکەی میلهێنانەوەی ئامادەباش بووەو چ لە ناوخودا بوو بێت یا دەرەکی بووبێت و ئەم جارەش ئەی ڕەقیب بە گەورەی و بەرزی جۆش و خرۆشی لەناو هەمووناندا مایەوە.

ستایش بۆ هەموو ئەوانەی دەنگیان هەبوو بەتایبەتی سەرۆکی کوردستان و ئەوانەی کە هەر لە سەرەتاوە خەمخۆری بە یاساکردنی ئەی ڕەقیب بوون ئەم هەنگاوە مەزنە لە شەهیدان و کوردستانیان پیرۆزە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.